# هونەری پارادۆکس لە شیعری (وەفایی)دا

**پایان کاکە صالح عەسکەری**

نووسینگەی بەڕێوبەری گشتی توێژینەوە و پەرەپێدان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و پەرەپێدان، دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** payan.kaka@gmail.com

## پوختە:

پارادۆکسParadox دەربڕینێکی هونەرییە کە بۆ جوانکاری زمانی شیعری بەکاردێت. شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەکو میللەتانی دیکەی عەرەب و فارس و ڕۆژئاواییەکان بێبەش نین لەم هونەر و یارییە زمانییەی شیعریی، دەتوانین بڵێین: کەم تا زۆر لە هەموو سەردەمەکانی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیی ئەم هونەرە دەبینرێت. هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردن و پتەوی زمانی شیعریی، هزر و دەربڕینێکی تازە و نوێ دروست دەکات، کە دەبێتە جێگای تێڕامان و بیرکردنەوە و خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. هونەرێکە جۆرێک سەربەخۆیی تایبەت بە خۆی هەیە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتنی دەربڕینە پارادۆکسییەکان لە ڕووی ڕێزمانیەوە بە لێکدراوی وشە و ڕستە و دوو ڕستەیی دەبێت. هەروەها لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە لە پۆششێکی جوانکاری هونەری ئەدەبیی ڕوونبێژی شیکراوەتەوە، بە وێنە و دەربڕینە پارادۆکسییەکان چەندین لێکدراوی وەسفی لێکچوواندن و درکەی ئافراندووە. لە ناو دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا، دیوانی وەفایی تیشکی خراوەتە سەر، وەفایی(١٨٤٤-١٩٠٤م) شاعیری سەردەمی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بووە، زمانێکی شیعریی پاراو و ڕەوان و ڕستەی پڕ مانا و ڕوونی هەیە. شیعرەکانی پڕن لە هونەری جوانکاری واتایی و وشەیی، لەم ڕووەوە چۆنیەتی شێوەی جێگرتنی پێکهاتەی ڕەگەزەکانی پارادۆکس لە ڕووی ڕێزمان و ڕەوانبێژیی لە دەقی شیعری (وەفایی)دا، بە نموونەی شیعری و شرۆڤەوە خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** پارادۆکس، شیعری وەفایی، وێنەی پارادۆکسی، ڕێزمان، ڕەوانبێژی.

## پێشەكی:

**ناونیشانی لێكۆڵینەوە:** ناونیشانی ئەم لێكۆڵینەوەیە بریتییە لە **هونەری پارادۆكس لە شیعری (وەفایی)دا** پارادۆكس هونەرێكی ئەدەبییە؛ كە لە زمانی شیعری زۆرینەی شاعیرانی كلاسیكی كوردییدا دەبینرێ، هەر وەكو شاعیرانی نەتەوەكانی دیكەی فارس و عەرەب و ڕۆژئاواییەكان، ئاوڕییان لەم هونەرە ئەدەبییە داوەتەوە، ئەگەر بە شێوەیەكی ئاگایانە یاخود نا ئاگایی بێت، پارادۆكس بریسكە و جلوەییەێكی تایبەتی بە دێرە شیعرەكانیان داوە؛ چونكە خۆی هونەرێكە بۆ دیارخستن و جوانكاری شیعریی، لەم لێكۆڵینەوەیەدا لەگەڵ زۆری بەكارهێنانی ئەم هونەرە لەلایەن شاعیرانی كلاسیكدا، وەفایی شاعیرێكە تیشكی خراوەتەسەر.

**گرنگی و ئامانجی لێكۆڵینەوە:** گرنگترین ئامانجی ئەم لێكۆڵینەوەیە، دەرخستن وشیكردنەوەی دەربڕین و وێنە پارادۆكسیەكانە لە ڕووی ڕێزمانی و جوانكاری لە زانستی ڕوونبێژی، كە ڕێگایەكی یارمەتیدەرە بۆناسینەوەی ئەندێشە و زمانی شیعریی شاعیر و شێوازناسین، هەروەها ڕێگا خوشكەرێكە كەوا لە خوێنەر و وەرگر دەكات بەرهەمی ئەدەبی باشتر بناسێتەوە؛ گرنگی ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە خۆی لەو ئامانجە دەبینێتەوە كە لە پێناویدا ئاوڕی لێ دراوەتەوە.

**پرسیاری لێكۆڵینەوە:** پرسیارگەلێك كە لە بەردەم ئەم لێكۆڵینەوەیەدا دێنە ئاراوە؛ ئایا دەتوانرێت ئەم هونەرە بە یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی شێوازی شیعریی وەفایی دابنێرت؟ لە چ جۆرە ناوەڕۆكێكی شیعری وەفایی ئەم هونەرە زۆرترین ڕەنگدانەوەی هەبووە؟ هۆكار و پاڵنەری بوونی هونەری پارادۆكس لە شیعری (وەفایی)دا چییە؟ بنەمای بیرۆكەی ئەم هونەری شیعرییە لە دیدی شاعیر چۆن بووە؟

**سنوری لێكۆڵینەوە:** لەگەڵ ئەوەی هونەری دەربڕینی paradox بابەتێكی نوێیە بە گشتی لە جیهانی ئەدەبدا، ئەدەبی كوردیش بێ بەش نەبووە لە لێكۆڵینەوە بەڵام بە ڕادەی پێویست نەبووە، بەهۆی فرە ڕەهەندی هونەرەكەوە لە لۆژیك و جیهانی ئەدەبدا و ئاشنانەبوون پێی لە كۆنەوە بە ناساندنی وەكو هونەرێكی سەربەخۆی جوانكاری لە زانستی ڕەوانبێژی. لە ئەدەبی فارسی و عەرەبیشدا لێكۆڵینەوە و بەدواداچوونێكی زۆرتركراوە بۆ ئەم هونەرە لەلایەن لێكۆڵەر و ڕەخنە گران لە ناو ئەدەبیاتی نەتەوەكەیاندا.

لە پێناو دەستەبەركردنی چوارچێوەیەكی زانستیانە بۆ لێكۆڵینەوەكەمان و سنوری كاری ناونیشانەكەمان؛ تەنیا تاوتوێی پارادۆكسە لە دیوانە شیعرییەكەی وەفایی، بە پێی ئەو ڕێباز و پێكهاتەییەی كە بۆی دیاری كراوە؛ لەم لێكۆڵینەوەیەدا بۆ یەكەمجار ئەم هونەرە لە شیعری وەفایی نیشان دراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازێکی وەسفی و تیۆری شیکارییە؛ کە سروشتی بابەتەکە و خستنە ڕوویان ئەم ڕێبازە دەخوازێت؛ بە پشتبەستن و سوودبینین لەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی کە لە بارەی ئەم هونەرە و شاعیرە ناسراوەدا ئەنجامدراون.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوە:** لە دوو بەشی سەرەکی و چەند تەوەرێک و لاتەوەرێک پێکدێت، دەرخستنی وێنە پارادۆکسیەکان لە ڕووی ڕێزمانیەوە، بە شێوەی وشەی لێکدراوی(ڕۆنان)، هەروەها لە ڕستەیەک و دوو ڕستەی تەواو دەرخراوە و شیکراوەتەوە. لە ڕووی هونەری ڕەوانبێژییەوە، بە زانستی ڕوونبێژی و شێوە جیاوازەکانیەوە کە دەربڕینە پارادۆکسییەکانی پێچاوەتەوە؛ بە هێنانەوەی نموونەی دەقی شیعریی، شرۆڤە و شیکردنەوەی بۆ کراوە، هەروەها کورتە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و ئەنجامی دەست کەوتووی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## پێناسینی زاراوەی پارادۆکس(Paradox):-

(Paradox) وشەیەکی لاتینییە بە مانای باوەڕێک کە لەگەڵ باوەڕی خەڵک جیاوازبێت.

پارادۆکس لەParadoxumی لاتینی وەرگیراوە، لە دوو وشە پێکدێت(para)بە مانای دژ یاخود جیا، (doxa)بە مانای باوەڕ و بۆچوونە، واتای فەرهەنگی لە کوردیدا بە نەرێکاری، ناتەبایی، دژواری، یا ناڕێکێنی، ناجۆری، دژیەکنوێن یا لە ڕواڵەت ناکۆک هاتووە(ناوخۆش،٢٠٠٣:٢٤٤)، پارادۆکس بە ناونیشانی هونەرێکی ئەدەبی هونەرێکی تازە و نوێیە. ئەگەر چی لێکۆڵینەوە بۆ پارادۆکس کراوە بەڵام بە پێی پێویست نەبووە کە بواری واتایی جوانکاری ڕەوانبێژی پێ دەوڵەمەندبێت، دەتوانین بڵێین: لە دنیای ڕۆژهەڵات بە تایبەت بۆ ئەدەبی کوردی بە گشتی بابەتێکی تازە و نوێیە، بە پێی بۆچوونی هەندێک لە لێکۆڵەران هەندێکجار بە هەمان ناونیشانی دژیەک ناوهێنراوە، کۆنەکراوەتەوە لەسەر یەک زاراوە و چەمک و بۆچوونێکی جێگیرکراودا یا هەندێکجار بە جۆرێک لە جۆرەکانی دژیەک ئاماژەی پێدراوە. دژیەکی وێنەی تاک؛ ئەو دژیەکەیە کە دوو وشەی دژ و پێچەوانەکانی، گوزارشت لە حاڵەتێکی تاک، یان وێنەیەکی زەینی چەسپاو دەکەن(عەبدوڵڵا،٢٠١٢:٩٦) نووسەر بە نموونەوە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە بە دێڕە شیعرێکی حەمدی:-

سەیری چەند سەیرە حاڵی ئەم عەشقە بێوجوودی وجوودە، بێحزووری حزوور

دەربڕینی بێوجوودی وجوود، بێحزووری حزوور دوو وێنەی تاک و چەسپاوی دژ و پێچەوانەی یەک دەخەنە بەرچاو هەروەها وەسفێکە دراوەتە پاڵ حاڵەتی عەشق. ئەم پێناساندنی سەرەوەی دژیەک، دەتوانێت هەمان پێناس و ناونیشانی پارادۆکس لە خۆبگرێت بێ ئەوەی ناوی پارادۆکسی لێ بهێنرێت، هەروەها لە پێشەکی کتێبی شرۆڤەی داستانی(مەم وزین)ی (ئەحمەدی خانی)دا لێکۆڵەر و نووسەری کتێبەکە لە پێناساندنی هونەری دژیەک، بە پارادۆکس ناوی هێناوە؛ دەنووسێت؛ هەرچەندە لە واتادا وشەی پارادۆکس لە دژیەک فراوانترە، بەڵام لە زمانی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

ئەڵمانی و ئینگلیزی وشەیەکی گونجاوترم بۆ دژیەک نەدۆزیەوە (جیهانی،٢٠٠٧:٤٢). بەڵام دەربڕینی هونەری پارادۆکس لە بنەڕەتدا لەگەڵ دژیەکی جیاوازە هەندێکجار پارادۆکس بە شرۆڤەوە زیاتر خۆی دەنوێنێت یا بە بێ بوونی وشەی دژیەکی خۆی دەنوێنێت. بە واتای ئەوەی لە دوو چەمکی پێچەوانە حەتمیە کە یەکێکیان ڕاستە و ئەوی تریان ناڕاست، ڕاستی هەردووکیان یا ناڕاستی هەردوکیان هاوکات بەیەکەوە مەحاڵە(خوانساری،١٣٥٤:٢٨٩). لە ئەدەبی فارسییدا پارادۆکس لە کتێبە ڕەوانبێژییە کۆنەکاندا بە ناوی تضاد یا طباق باس کراوە، لە فەرهەنگدا دەبینرێت کە بە واتاکانی«تناقض ظاهری، شطح، مفارقە، ناسازی هنری، نقیضە هەروەها زیاتر بە متناقض نما» ناوهێنراوە.

ناسازگاری هونەری، هەر ئەوەیە کە لەلای ئەورووپییەکان پارادۆکسی پێدەگووترێت، جۆرێکە لە ناسازی دژیەک(تضاد یا طباق) کە تێیدا دوو ناساز بە یەکتری بەستراون و گرێدراون، بە واتایەکی تر لە نێو ناسازگاریدا پێکدێن و دەگەنە هاوبەشی(کزازی،١٣٩٠:١٨٥)، شاعیران و شارەزایانی ئەدەبی ئێران ئەم هونەرەیان بە ئامرازێکی گرنگ بۆ نیشاندانی دەقی شاراوە و ئاڵۆز و داهێنانی جوانی داناوە، بەڵام ڕەوانبێژان، ئەم هونەرەیان نەناسیەوە بە بەشێک لە دژیەک هەژماریان کردووە(کامیار،١٣٧٦:٢٧٣)، یا بە گرنگترین بەش لە بەرامبەری(تقابل)دانراوە(خوانساری،١٣٥٤:٢٨٩). لە درێژەدا وحیدیان کامیار ئاماژە دەدات بەوەی کە ئاشنایی ئەوان لە ڕێگای ئەدەبی ڕۆژئاواییەکانەوە بووە، یەکەم کەس کە ئاماژەی بەم هونەرە داوە شفیعی کدکنی بووە کە بە وێنەی پارادۆکسی ناوی بردووە(هەمان: ٢٧٣-٢٧٤). مەبەست لە وێنەی پارادۆکسی، وێنەیەکە کە دوو ڕووی پێکهاتەکەی لە ڕووی ڕۆچوونی واتاوە دژ بە یەکتر دەبنەوە(شفیعی کدکنی،١٣٧٤:٥٤). لە درێژەی باسەکەیدا بە هێنانی چەند دێرێکی شیعریی و نموونەی زیاتر بە ڕاڤە و شرۆڤەکردنی زیاتر لە وێنە و دەربڕینە پارادۆکسییەکان دەکۆڵێتەوە. بە هەمان شێوە لە پەیوەندی نێوان پارادۆکس و دژیەکدا، عبدالکریم سروش لە لێکۆڵینەوەیەکیدا پارادۆکسی بە جۆرێک لە دژیەک هەژماری کردووە.

هونەرێکی چێژبەخشە، نهێنی چێژ بە خشییەکەی ئەوەیە کە پێچەوانەی لۆژیک و داب و نەریتە بە واتای ئەوەی بە ڕووکار، دوو چەمکی ناسازگار لە یەک بابەت کۆدەکاتەوە(دیانتی،١٣٨١:٢). ئەو چەمک و دەربڕینە بە وشە کەم و بە مانا و واتا زۆر و قوڵن(کامیار،١٣٧٦:٢٧٢). ئەمەش یەکێکە لەلایەنە جوانەکانی پارادۆکس. لە لێکۆڵینەوەیەکدا حسین وثوقی لە پێکهاتەی زمانی زۆربەی پارادۆکسەکانی دیوانی عطاری کۆڵیوەتەوە، دەنووسێت هەر پارادۆکسێک دوو چەمکی دژ بەیەک بە شێوەیەک تێکەڵ بە یەک دەکات ئەگەرچی لە بەکارهێنانێکی ئاسایی لەگەڵ یەکتری دژ و پێچەوانەن، واتایەکی حەکیمانە، سۆفیگەرییانە و- فەلسەفی فراوان دەخاتەڕوو(وثوقی،١٣٧٤:٣٧). پەیامی عیرفانی و فەلسەفی زیاتر لە بابەتەکانی تر ئاڵۆزترن بۆ دیارخستنی ئەم جۆرە واتا ئاڵۆزانە بە کارهێنانی وێنەی پارادۆکسیی گرنگە و ڕۆڵی خۆی دەبێت(هەمان،٣٨). لە تێکڕای ئەو دیدگایانەی سەرەوەدا دەتوانرێت بگووترێت زۆرینەی دەربڕینە پارادۆکسییەکان دژیەک و پێچەوانەن، چونکە لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

بنەڕەتدا جۆرێکە لە دژیەک، بەڵام هەموو دژیەکێک پارادۆکس نییە، لە هونەری دژیەکدا دوو وشە، پێچەوانە و سەربەخۆن، ناخرێنە سەر ناوێک و پەیوەست ناکرێن بە یەک بابەت، یا ئەگەر پەیوەستکران ئەوە دوو بابەتی جیاوازن، بەڵام زۆرجار پارادۆکس پێویستی بە ناوێک یا وەسفکراوێک، یا تەواوکەرێک هەیە پەیوەستدارن پێوەیەوە بۆ تەواوکردنی واتاکەی، ئەمەش جیاوازییە لە نێوانیاندا، بۆیە دەکرێت بڵێین: زۆرجار هاونیشینی دوو وشە یا دوو چەمکی پێچەوانە لە پاڵ یەکتریدا دژ بە یەکتری بە یاریدەدەری جۆرەکانی ئامراز، دەبێتە بنیاتنەری پارادۆکس، بەڵام مەرج نییە دوو چەمکی دژ و پێچەوانە لە هەموو کاتێکدا ببێتە بنایتنەری پارادۆکس سەرەڕای دژیەک بوونیان، زۆرجار پێکهاتە و دەربڕینی پارادۆکسی لە واتا و مەبەستی دەربڕینێک، یا بە هاونیشینی دوو چەمک یا دوو وشە بەسەر یەکەوە بە یاریدەدەری ئامرازەکانی وەکو نەرێنی و ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی لێکدەری تاک دروست دەبن. لە کاتێکدا پارادۆکس لە فۆڕمی شیعریی دەردەچێت؛ ئەوکاتە دەچێتە ناو چوارچێوەی داب و نەریت و لۆژیک و واقیعی ڕۆژانە کە ڕێک نەهاتەوە لەگەڵ گوفتارێکی ئاسایی دەبێتە پارادۆکسی فەرهەنگی و لۆژیکی و واتایی وەکو ئەم دەربڕینانەی کە زۆرجار بەرگوێ دەکەوێت:- هەبوو نەبوو لەسەرەتای گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا، حازر وبزرم لە گوفتارێکی ئاسایی ڕۆژانە بەر گوێ دەکەوێت، بانێکە و دوو هەوا، من دەڵێم: نێرە ئەو دەڵێ: بیدۆشە، ئیشی بێ ئیشی..هتد ئامانجی قسەکەر، زیاتر گەیاندنی مەبەست و پەیامێکە لە ڕێگای ئەم دەربڕینانەوە کاردانەوەیەک یا ڕەتکردنەوەیەک لە هەڵسوکەوت یا گوفتاری بەرامبەرەکەی کە یەک ناگرێتەوە نیشان بدات، هەروەها لە مەتەڵی کوردیدا سەری بەردە و بەرد نیە...هتد، قسەکەر چاوەڕێی دۆزینەوەی وەڵام لە بەرامبەرەکەی دەکات.

هەندێک لە دەربڕینە پارادۆکسییەکان ئەگەر لە لۆژیکدا ناڕاست و نەگونجاو بێت، بەڵام لە هونەردا لە لووتکەی بەرزیی و جوانیی دایە(شفیعی کدکنی،١٣٦٨:٣٧). سەبارەت بە پەیوەندی زاراوەی موفارقە و پارادۆکس؛ بۆ زاراوەی موفارقە هەندێک کەس پارادۆکس بەکاردەهێنن، بەڵام پارادۆکس بۆ موفارقە بە کارنایەت، چونکە موفارقە بەشێکە لە پارادۆکس لە زمانی کوردیدا، لە درێژەدا دەنووسێت من هیچ دەربرینێکی گونجاوم بۆ موفارقە نەبینیەوە بۆیە وەکو خۆی بەکارم هێناوە(نهێلی،٢٠٠٦:٤٥). جگە لە پەیوەندی نێوان پارادۆکس و دژیەک و موفارقە هەندێک لە لێکۆڵەران لەو باوەڕەدان کە جۆرە پەیوەندیی و لێکچوونێک لە نێوان پارادۆکس و(شطح)دا هەیە، بەڵام لێرەدا باسکردنی وردەکارییەکانی جێگای نابێتەوە و لە چوارچێوەی سنوری لێکۆڵینەوەکەمان دەچێتە دەرەوە. لە پێناسەیەکی گشتگیر و یەکگرتوودا دەتوانین بڵێیین: پارادۆکس بە گشتی دوو چەمکی پێچەوانە یا زیاتر لە چەمکێک، بە شێوەیەکی هونەریی و هونەرمەندانە کۆدەکاتەوە و وێنە و دەبڕینێکی جوان، هەروەها مەبەستێکی هونەری جوان و سەرنجڕاکێش بە خوێنەر دەگەیەنێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**وەفایی و هزری شیعریی:-**

وەکو ئاشکرایە شاعیرانی کلاسیک پەروەردەی خانەقا و قوتابخانەی ئایینی بوونە بۆیە بیر و هزری ئایینی و کەلامی عیرفانی کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانیان هەبووە، لە ناو شاعیرانی کلاسیک، شاعیرێکی کەم دەبینرێت کە بە زمانی فارسی شیعریی نەبێت؛ شارەزابوون بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی مەرجی شاعیر بوون بووە لەو سەردەمەدا و یەکێک بووە لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی شیعر نووسین جێگای شانازی بووە، وەفاییش وەکو هاوشێوەی شاعیرانی سەردەمی خۆی بە زمانی فارسی شیعری نووسیووە، ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەڕۆکی شیعرەکانی پیاهەڵدان بە هەندێ کەسایەتی ئەو سەردەمە و وەسفی سروشت و شیعری لاوانەوە و دڵداری لە بابەتە دیارەکان و مەبەستە شیعرییەکانی ئەون. وەفایی لە سەرانسەری بەرهەمی شیعری دیوانەکەیدا پەنجەی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و گیروگرفتەکانی درێژ نەکردووە، بەڵام لەو مەبەستانەی لە شیعردا باسی لێیانەوە کردووە هەندێ تارمایی تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی و گرێی سایکۆلۆجی و پەند و ئامۆژگاری دەبینرێت(خەزنەدار،٢٠١٠،ب٤:٣٨٦) هەروەها وەسفی سروشت کە هەندێک جار لەگەڵ بابەتی ئایینی تێکەڵی کردووە و وشە و زاراوەی ئایینی تێدا بەکارهێناون(مستەفا،٢٠١:٢٠٠٦) وەفایی ئەو شاعیرە غەزەلبێژەیە، مێژوو ناوی تەنیا لە ڕیزی شاعیرانی کلاسیک بەرتەسک نەکردۆتەوە، بەڵکو دەکرێت وەک شاعیرێکی ئەویندار و سۆفی کە بەشێک لە شیعرەکانی وێنە و وەسفی ڕاستەوخۆی دڵبەرە و بەشێکیش دەربڕی هزری سۆفیگەری، یان تێکەڵاوییەک لە هەستی دڵداری و ئەوینی سۆفییانەیە(قەهرەمانی،١٣٩٨:٢٣٤) چونکە وەفایی سۆفی بووە و موریدی شێخی بورهان بووە و نەقشبەندی بووە، هەندێکجاریش ناو و ئامرازە مۆسیقییەکانی پەیوەست بە حاڵ و زیکری سۆفییەکان لە شیعرەکانیدا، بەرچاو دەکەون(محمد،١٩٧:٢٠١٥). شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کلاسیسیزم تاڕادەیەک لە دیدی عیرفانی بە دوور نەبووە سەرەڕای کەمی ژمارەی شیعرەکانی لەو بوارەدا بەگشتی.

بەشێک لە شیعرەکانی، داهێنانی هونەری سۆفیزمیانەی جوانی هەیە و وێنە شیعرییەکانی دەچنە ناو ناخی گیانی گێتی سۆفیزمەوە، نەک وەسفی ڕووکەش و خستنە ڕووی مێژوو و بەکارهێنانی زاراوە زانستی وفەلسەفییەکانی سۆفیزم(خەزنەدار،٢٠١٠،ب٤:٣٨٠). پێ دەچێت سەرەکیترین هۆکاری هەبوونی پارادۆکس لە بەرهەمی عارفەکاندا؛ تایبەتمەندیی(ئەستەمبوونی دەربڕینی ئەزموونە عیرفانییەکان)بێت تا ڕادەیەک تێکڕای ئەو عارفانەی کە گوتاری پارادۆکسییان هەیە، خۆشیان چەندینجار بە هۆشیاری لە گووتە و دەربڕینە پارادۆکسییەکانی خۆیان، ئاماژەیان بە ئەستەمبوونی دەربڕینی ئەم گووتانە کردووە(حسن لی،١٣٧٧:٤١). چونکە دیدی عیرفانی و باوەڕی سۆفیانە لە پانتاییەکی بە دەر لەوەی نەریت و عەقڵ دەیناسێ، جێگایان دەبێت(راستگو،١٣٦٨:٢٩).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## -وێنە پارادۆکسیەکان لە ڕووی ڕێزمانییەوە :-

ئەم تەوەرە لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە شێوە جیاوازەکانی پارادۆکس و چۆنیەتی پێکهاتن و دروست بوونیان لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە خۆدەگرێت، پارادۆکس بە شێوەی:-

**أ-لێکدراو:-**

١-پارادۆکس بە شێوەی ئاوەڵناو(سیفەت) و وەسفکراو(مەوسوف).

٢-بە هاونشینی دوو ناو بە یاریدەدەری ئامرازی نەرێنی(بێ).

٣-بە هاونشینی دوو ئاوەڵناو یا دوو فەرمان بە یاریدەدەری ئامرازی نەرێنی(نە).

٤-بە یاریدەدەری ئامرازی لێکدەری تاک(بەڵام).

٥-بە یاریدەدەری ئامرازی پەیوەندی(و).

٦-بە یاریدەدەری ئامرازی(لا)ی نەرێنی.

٧-بە هاونشینی دوو ناو یا دوو ئاوەڵناو بە یاریدەدەری ئامرازی پەیوەندی(لە).

هەرچەندە مەرج نییە پێکهاتەی دەربڕینە پارادۆکسییەکان لەسەر بنەمای دوو چەمکی یا دو وشەی دژیەکی و پێچەوانەیی بن. بەڵام لە شێوەی لێکدراوی؛ ئامرازەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە جێگیرکردنی چەمکە دژ و پێچەوانەییەکان، لە تەواوکردنی واتای پێکهاتە و دەربڕینە پارادۆکسییەکان مەبەستی دوو چەمکە دژەکان ڕوون و دیارتر دەکات. پارادۆکس بە شێوەی:-

**ب-پارادۆکس بە شێوەی ڕستە.**

**ج-پارادۆکس بە شێوەی دوو ڕستەیی.**

بە ئاماژەدان بە چەند نموونەیەکی شیعریی و شیکردنەوەی لاتەوەرەکان وەک لە خوارەوەدا هاتووە:-

## أ- دەبڕینی پارادۆکس بە شێوەی لێکدراو(ڕۆنان،تەرکیب):

### ١-پارادۆکس بە شێوەی ئاوەڵناو(سیفەت) و وەسفکراو(مەوسوف):

لێرەدا دەربڕینی پارادۆکسیی بە هاونشینی و کۆکردنەوەی دوو وشە بە شێوەی لێکدراوی ئاوەڵناو(سیفەت) و وەسفکراو(مەوسوف)یا بە پێچەوانەوە دروست دەبێت بەبێ بوونی هیچ ئامرازێک.

-دڵ پڕ خەم و خەیاڵات دەم بە زیکر و موناجات

زەحمەت بە **ڕۆژی تاریک** خۆش بێ وەقت و سەعاتم(وەفایی،١٣٨٧:١٢٤)

ڕۆژی تاریک و تاریک بوونی ڕۆژ؛ لێرەدا بۆ نارەحەتی و دڵتەنگی شاعیر دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ڕۆژە، بەڵام لە لای ئەو وەکو شەو تاریکە دەربڕینێکی پارادۆکسییە، بە لێکدان و کۆکردنەوەی مەوسوفی ڕۆژ و سیفەتی تاریک دروست بووە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

-عیللەت چییە بۆ من کە **حەکیمێکی نەزانە**؟

جێی نەشتەری وی ئاگری بەردا دڵ و سووتام(**وەفایی**،١٢٠:١٣٨٧)

ئەمە چ دەردێکە کە حەکیم لێی ئاگادارنییە و نازانێت. لە کۆندا وا باوبووە کە حەکیم زانا و دانابووە لە تیمارکردنی نەخۆشی هەموو نەخۆشێک لە بڕی پزیشک، هۆکارچییە کە بۆ من ئەو حەکیمێکی نەزانە، جێگای خەنجەری ئاگری بەردا لە دڵ و سووتاوم.

-جامی مەی و خەندەی گوڵ و بارانی بەهاری

زین هرسه توان گشت من **پیر جوانت** (**وەفایی**،٩٩:١٣٨٧)

بەهۆی ئەم سێیەوە خەندەی گوڵ و بارانی بەهاران و جامی مەی، منێکی پیر گەنجم، واتا هاوکات کە پیرم، گەنجیشم. لێکدراوی(پیرێکی گەنج)واتای پاردۆکسی هەڵدەگرێت.

-خۆزگەم بە وەی سەودابیە سەرخۆشی شین و شاییە

پیرو شێخ وەفاییە **ساکن سالیک** لە هەر وەتەن(**وەفایی**،١٨٠:١٣٨٧)

مرۆڤ لە ڕووی لەشەوە ساکینە بەڵام لە ڕووی ڕوحەوە ڕەوانە؛ واتا ساکین بوون لە جیهانی عیرفانیدا بوونی نیە، بەڵام بە هاونشین بوونی ساکین لەگەڵ سالیک یا بە پێچەوانەوە سالیک ساکین، دەربڕین و وێنەیەکی پارادۆکسیی وەردەگرێت.

## ٢- دەبرینی پارادۆکس بە هاونشینی دوو ناو بە یاریدەدەری ئامرازی نەرێنی(بێ):

هەندێکجار دەربڕینە پارادۆکسییەکان بە یاریدەدەری ئامرازی(بێ) دروست دەبێت، ئەو ئامرازە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پێکهاتنی وێنە و دەربڕینە پارادۆکسییەکان، لە شێوەدا دوو کۆمەڵە لەخۆدەگرێت، یەکەمیان لە نێوان دوو وشەی وەک یەک لە شێوەدا ئامرازی نەرێنی(بێ) دەکەوێتە نێوانیان، دووەمیان دوو وشەی جیاواز لە شێوە.

### ٢-١-دوو ناوی لێکچوو:

-هەر گوڵی ڕەنگێکی بۆنی ڕەنگ و بۆی دولبەر دەدا

**ڕەنگی بێ ڕەنگی** تەماشا کەن، بە چاوی ئیعتیبار(**وەفایی**،١١٢:١٣٨٧)

هەر گوڵێک ڕەنگ و بۆنی لە یار(خودا)هەیە، بە چاوی عیبرەتەوە تەماشای ئەم هەموو ڕەنگە لە بێ ڕەنگی(پایەداری) بکەن، لەهەمان کات کە ڕەنگینە، سەیری بێ ڕەنگییەکەی بکەن بە چاوی ئیعتیبار.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

-باعیس بە جودایی لە بەهاری گوڵی ڕووتە

**بێ ڕەنگینی ڕەنگم** کە وەکوو ڕەنگی خەزانە (**وەفایی،٢٢٨:١٣٨٧**)

لەبەر ڕووی بەهاری ڕووخساری تۆیە، ڕەنگم بێ ڕەنگە وەکو پاییز وایە.

-عکس این محمل چنان از **رنگ بی رنگ** آمده

صدبهاراست این دیار اکنون به چشم هوشیار (**وەفایی،٣٨٣:١٣٨٧**)

ڕەنگ و بریسکانەوەی ئەم کەژاوەیە لە یەک ڕەنگییدا بێ هاوتایە، ئەوەندە جوان و سادەیە کە مرۆڤ بە چاوی هۆشیار سەیری بکات، چەندەها ڕەنگ و جوانی بەهاری هەیە.

-قامەتی تۆ کە گوڵ و بەی بەری بێ، بێ بەری بێ

بۆچ ئەڵێن ئیدی سنەوبەر **بەری بێ بەرییە**؟ (**وەفایی،٢٥٣:١٣٨٧**)

باڵا و قامەتی یار کە گوڵ و میوەی بێ بەرەکەی بێت، ئەی بۆچی ئەڵێن سنەوبەر بەرهەمی نییە؟ ئەم دێڕە سەرەڕای بوونی پارادۆکسێکی جوانی واتایی کە پێکهاتووە لە (بەری+بێ+بەری)، هونەری لێکچوونیش لەخۆ دەگرێت.

## ٢-٢-دوو ناوی جیاواز لە شێوە:

دەربڕینە پارادۆکسییەکان کە بە هۆی ئامرازی نەرێکردن(بێ) دروست دەبێت، مەرج نیە لەسەر بنەمای دوو ناوی لێکچووبێت، دەکرێت جیاوازی لە شێوەی ناوەکانیش هەبێت وەکو ئەم نموونە شیعریانەی خوارەوە.

-سەیری ئافاق و ئەنفوسی، بەحسی لە سەفحەی دڵ نووسی

گا بە تحایی گا قودووسی، **ڕەهرە و بێ پێ، خۆش خوو بێ تەن** (**وەفایی،١٨٠:١٣٨٧**)

گەڕان بە جیهان دا بە دوای نیشانەکانی خودا لە سەفحەی دڵیدا نووسی، خەڵکی هەر شارێک بێت بەتحایی یا قودووسی بێت، ڕێبواری ڕێی ئەشقی خوا، بە بێ پێ و بە بێ جیسم ئەو ڕێگەیە دەبڕێ؛ چونکە تەریقەتی عیشقی خوا دەبێ بە ڕووح و دڵ بێت نەک بە جەستە، بۆ تەواوکردنی مەقامەکانی عیرفانی.

-سووتا دەروونم سەر بەسەر،خوێنیین دڵە جان و جگەر

**جسمێکە بێ ئیسم و ئەسەر**، هذا طریق العاشقین (**وەفایی،١٨٢:١٣٨٧**)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەروونم هەموو سووتاوە دڵ و گیان و جگەرم خوێنینە، بە ڕووکەش گیان و جیسمم بەڵام بە بێ ئەسەر و شوێنەوارم نییە، ئەوەیە ڕێگای عاشقان.

-زەمانێ قیبلەم ئەبرۆتە، دەمێ زوونتار گێسووتە

بە **دەردی بێ دەوا** ماوم لەگەڵ کوفر و موسڵمانی(وەفایی،٢٩٩:١٣٨٧)

هەندێکجار قیبلەم ئەبرۆتە و هەندێکجاریش زونتار گێسووتە، بە دەستی برۆ و زوونتارەوە، عەجایب داماوم و بە دەردی بێ دەوا ماوم لەگەڵ برۆی موسڵمان و ڕەشی کوفری زوونتاری گێسووتەوە، بە کۆکردنەوەی دژەکان و لێکچوواندنی برۆ بە قیبلە و زوونتار بە گێسوو کوفر و موسڵمانی دەربڕین و وێنەیەکی پارادۆکسیی لە دێرە شیعرەکە بە دەستەوەدەدات.

-دوو چاوی **مەستە بێ بادە**، مەلایک ڕوو، پەری زادە

پەری دێوانەیی کردووم، مەلایک دەستی لێداوم(وەفایی،١٤٥:١٣٨٧)

چاوی یار بە بێ شەڕاب مەستە، فریشتە ئاسایە وەک بڵێی لە فریشتە بووە، بۆیە من شێتی یار بوومە. لە نەریتی ژیان و لۆژیکیدا مەست بوون بە بێ بادە و شەڕاب ڕوونادات، بۆیە پێویستی مەست بوون خواردنەوەی بادەیە، ئامرازی نەرێنی(بێ)، ڕۆڵی لە گونجاندنی نێوانی دوو وشە سەرەکییەکە(مەست و بادە)هەیە سەرەڕای ئەوەی دژی یەکتری نین، دەربڕینێکی پارادۆکسیی دروستکردووە.

## ٣-دەبڕینی پارادۆکس بە هاونشینی و لێکدراوی دوو ئاوەڵناو یا دوو ناو یا دوو فەرمانی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی نەرێنی(نە) و (نا):

(نە)ئامرازێکی نەرێنییە دەکەوێتە نێوان دوو وشە، دوو ناو، یا دوو فەرمان، یا دوو ئاوەڵناوی دژ بەیەک، بە هاونشینی بەسەریەکەوە لە پاڵ یەکتری دێن، سەرەڕای دژیەک بوون. تێکڕا لە واتادا دەربڕینێکی پارادۆکسیی پێکدێت و دوو وشە دژیەکەکە بە بارێکی نەرێنی بەیەکەوە ڕەتدەکاتەوە، وەکو لە خوارەوەدا بە نموونەی شیعریی ڕوونکراوەتەوە.

### ٣-١-دوو ئاوەڵناوی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی نەرێنی(نە):

-بە دەردێ موبتەلا بووم جاهیل و دانا کە حیرانن

مەگەر چاوی نەخۆشی تۆم **نە مخمورم نە هۆشیارم**(وەفایی،١٣٤:١٣٨٧)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەردێکم گرتووە زانا و جاهیل لێی تێناگەن و سەرگەردانن، وەک بڵێی چاوی بیماری تۆم نە مەستم و نە هۆشیارم بە دوو ئاوەڵناو دژ بەیەک بە یاریدەی ئامرازی نەرێنی(نە)تێکڕا واتایەکی پارادۆکسیی بەدەستەوە دەدات، چونکە لەیەک ئان و ساتدا ئاماژەیکردووە کە لە بارێک دایە نە مەستە نە هۆشیارە.

## ٣-٢-دوو ناوی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی نەرێنی(نە):

-ماچی دەمی خەندەی دەمەکەی سیڕڕی بەیان کرد

ئەو جەوهەرە وافەردە **نە مەوجوودە نە مەعدووم**(وەفایی،١٣٨٧:١٥٠)

سەرەڕای دژیەک بوونی مەوجود و مەعدووم، دێرەکە تێکڕا دەتوانێت واتای پارادۆکسیەکە لەخۆ بگرێت، بە ماچی دەمی و خەندەکەی ڕازەکە دەرکەوت کە دەمی هەیە، چونکە دەمی یار ئەوەندە بچووک بوودیارنەبوو کە دەمی هەیە و کەنییە.

-لە سیڕڕی حیکمەتی زارت کە نوقتەی جەدەولی روحە

عەجەب ماوم !چ نیکتێکە **نە مە وجوودە نە مەعدوومە**؟(وەفایی،١٣٨٧:٢٢٤)

من لەو بچووکییەی دەمت ناگەم کە وەکو نوقتەی نووسراوی ڕوحە، سەرمسوڕماوە نە دیارە نە ئەوەیە کە بڵێی نییە. دەربڕینێکی لێکدراوییە بە نەرێکردن، کە هەر دوو ناوە دژەکە بە یاریدەدەری ئامرازی نەرێکردن ڕەتکراوەتەوە.

## ٣-٣-دوو ناوی لێکچوو بە یاریدەدەری ئامرازی نەرێنی(نا):

وەسف و پیاهەڵدان بە بوون و زاتی خوداوەند، وەسفێکە تایبەتتر و جیاوازتر لە هەموو وەسفێک؛ چ لەئایین دا و چ لە لۆژیک دا، جگە لە وەسفی خوداوەند نە گونجاوە بۆ وەسف و ستایشی هەر ئافرێندراوی تر، لە شیعری موناجات بە گشتی کۆکردنەوەی دوو وشەی دژ و جیاوازی وەکو اول و اخر، ظاهیر و باطن...هتد لە پاڵ وەسف، ناوێکی تایبەتی خوداوەندە پەیوەستدارکردنی بە هەر شت، یا مەخڵوقێکی تر مەحاڵە، لێرەدا لە وەسفی خوداوەند بە کۆکردنەوەی دوو ناوی لێکچوو پارادۆکس دروست بووە وەکو ئومێدی نا ئومێدان لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە دەردەکەوێت.

-هرچە می خواهم تو می دانی بە حسن خاتمت

ای **امید نا امیدان**، این امید من برآر(وەفایی،١٣٨٧:٣٨٥)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

هەرچەندە هەرچیەک کە من ئارەزووی دەکەم تۆ سەرئەنجام دەیزانی ئەی ئومێدی نا ئومێدان، ئەو ئومێدەی من بە جێبهێنە.

-ای **امید نا امیدان**، ای پناه بیکسان

نا امید وبیکسم دست من و دامان تو(**وەفایی**،١٣٨٧:٤٠٥)

ئەی ئومێدی نا ئومێدان، ئەی پەنای بێ کەسان، نا ئومێد و بێ کەسم دەستی من و دامێنی تۆ.

## ٣-٤-دوو فەرمانی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی نەرێنی(نە):

-نمی دانم چه سازم تابسوزم

کزین **بودونبود1** خود بدر بام(**وەفایی**،١٣٨٧:٣٩١)

نازانم چی بکەم تا بسوتێم، کە لەم بوون و نەبوونەی خۆم ڕزگارم بێت، سەرەڕای دژیەک بوون واتاییکی پارادۆکسی لەخۆدەگرێت کە لە یەک کات بوون و نەبوونی عاشقە.

## ٤-دەبڕینی پارادۆکس بە هاونشینی دوو ناو بە یاریدەدەری ئامرازی لێکدەری تاک(بەڵام):

ئەم ئامرازە جۆرێکە لە ئامرازی بەستنەوە لە ڕووی شێوە و شوێنی دەرکەوتنیانەوە دەکەونە ناوەڕاست یا سەرەتا و ناوەڕاستی ڕستەکانەوە یا وشەکان، هەر دوو لای ڕستەکان یا وشەکان یەکسان ڕادەگرن، بەڵام سەر بە هیچ لایەکی ڕستە و وشەکان نین(شوانی،٢٠١٤:٨٦).

-لە دوو زولف و سەری کوڵمانی عەجەب ماوم ئەمن

راستە **ئەو نوورە بەڵام نوور نییە** دوو سایە لە ڕوو(**وەفایی**،١٣٨٧:١٩١)

سەرمسووڕماوە زوڵفەکانی یار لەسەر ڕووخساری وەکو سێبەرن لەسەر ڕووخساری نوورینی، نوور سەیرە سێبەری هەبێ، دوو سێبەر لە یەک ڕوو. دەکرێت ئەنجامی دەربڕینە پارادۆکسییەکە ببێتە(نووری بێ نوور).

---

[1] وشەیەکی فارسیە بە واتای بوون ونەبوون دوو وشەی دژ و پێچەوانەی یەکن، هەردووکیان یەک ڕەگیان لە فەرهەنگ هەیە، بەڵام دووەمیان نەرێی یەکەمە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## ٥-دەبڕینی پارادۆکس بە هاونشینی و لێکدراوی دوو ئاوەڵناو یا دوو ناو یا دوو فەرمانی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی پەیوەندی(و):

ئامرازی پەیوەندی(بەستن) ئامرازێکە بەشێکی ئاخاوتن پێکدەهێنێت، ئەرکی بەستانەوەی نێوان وشە و وشە یا مۆرفیم و وشە لە هەردوو ئاستی وشەسازی یا ڕستەسازی هەیە واتا ناو و ناو، ناو و ڕاناو یا مۆرفیمی بەند و وشەیەک دەبەستێت بەیەکەوە یەکەیەکی تر لە وشە یا گرێ و ڕستە پێکدەهێنێت(شوانی،٨٤:٢٠١٤). لێرەدا مەبەست لە بەستانەوە گرێدان و هاونشینی وشە دژ و پێچەوانەکانە، بۆ پێکهێنانی دەربڕین و وێنەیەکی پارادۆکسیی.

### ٥-١-هاونشینی دوو ناوی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی پەیوەندی(و):

-**غایب و حازری** هەر لەحزە دەڵێی چاوی منی

ڕەوشەنی مەردومی، یا عەینی سەودای بەصەری؟(**وەفایی**،١٣٨٧:٢٨٧)

هەمووکات حازری، کەچی کەس نازانێت لە کوێی؟ وەکو چاوی منی، بە یاریدەدەری دوو ناوی پێچەوانە و دژ وەکو غایب و حازر پارادۆکسێکی لێکدراوی زمانیی لێ دروست بووە، سەرەڕای دژیەک بوون لە نیوە دێری دووەمدا بە شێوەی لێکچوون هەم ڕۆشنایی چاو و هەم ڕەشییەکەی کۆکردۆتەوە و لێکیچوواندووە بە چاو، سەرەڕای بوونی دەربڕینێکی پارادۆکسیی، لەهەمانکاتدا هونەری جوانکاری واتایی(تجاهل العارف)ی هەیە ئەمەش نیشانەی لێهاتوویی و شارەزایی شاعیر نیشاندەدات بە یارییەکی زمانی ڕەوانبێژی چەند هونەرێک لە دێرە شیعرێکدا کۆ دەکاتەوە.

-عوزار و زولفی تۆ بێ شک شەو و ڕۆژ پێکەوەن، ئەمما

**شەو و ڕۆژ پێکەوەن؟** لەو وەجهە من حەیران وداماوم(**وەفایی**،١٣٨٧:١٤٦)

ڕووخسارت وەکو ڕۆژە زوڵفت وەکو شەوە پێکەوەن، دەکرێت شەو و ڕۆژ پێکەوەبن؟ بۆیە من لەم ڕووەوە سەرگەردان و داماوم. وەکو ئاشکرایە شەو و ڕۆژ دوو ناوی دژ و پێچەوانەی یەکترین لە فەرهەنگدا وشەی سەربەخۆن. بەم جۆرە دژیەکێکی فەرهەنگی لە ناو دروست بووە بەڵام کۆکردنەوە و پێکەوەبوونی شەو و ڕۆژ و پەیوەستدارکردنی بە عوزار و زولفی یار، دەبڕینێکی پارادۆکسیی لێ دروست بووە.

-پەیوەستە غەریقی ئەسەری **ئاتەش و ئابم**

بۆ ئابی ڕوخت سینەمە وەک مەجمەری پشکۆ(**وەفایی**،١٣٨٧:١٩٧)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

من بەردەوام نوقمبووی نێو ئاو و ئاگرم، سینەم بۆ ئاوی ڕوخساری تۆ؛ وەک پشکۆی نێو ئاگردانی لێ هاتووە واتا ڕووی تۆ سینەیی پێویستە، کە ئەم دووانەی(ئاو و ئاگر)ی بەیەکەوە هەبێت. کۆکردنەوەی دوو ناوی دژ بەیەکی ئاو و ئاگر لەیەک کات و شوێن دا، پارادۆکسێک لە واتای دێرەکە بەدەستەوە دەدات.

-بس كه از دل موج خون افشاندم

درمیان **آب و آتش** ماندەام(وەفایی،١٣٨٧:٤٤٢)

ئەوەندە لە دڵەوە شەپۆڵی خوێنم هەڵڕشتووە، لە نێوانی ئاو و ئاگر زیندانیکراوم. مانەوە لە نێوان ئاو و ئاگر کۆکردنەوەیان لە یەک شوێن دا، دەبڕینێکی پارادۆکسیی دەگەیەنێت.

-آمیختە ی بە **آب وآتش**

وین معجز از آن نگار داری(وەفایی،١٣٨٧:٤٢٦)

ئاوێتەبووی ئاو و ئاگریی، ئەو سستیی و بێ توانابیە لە مەعشوقەوەیە. بە دوو ناوی دژ بە یەکی ئاو و ئاگر هاوکات ئاوێتە بوونیان بەیەکەوە، مەبەست و دەربڕینێکی پارادۆکسیی دەگەیەنێت.

## ٥-٢-هاونشینی دوو فەرمانی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی پەیوەندی(و):

–هەرچاوە نوارم کە کوتت دێم ونەهاتی

یاڕەب مەدەدێ! سالیکی ڕێی **هات و نەهاتم**(وەفایی،١٣٨٧:١٣١)

من هەمیشە چاوەڕوانت بووم کە گوتت دێم و کەچی نەهاتی؛ وەکو سالیک(دەروێش) هەر بەتەمای هات و نەهاتم(من ڕێبواری ڕێگای بەخت و چارەنووسم) یاڕەب یارمەتیم بدە. فەرمانی هات و نەهات بە واتای بەخت و چارەنووس دێت، کە بە ڕێگا تێکەڵ بووە هەم هاتییە و هەم نەهاتیە.

## ٥-٣-هاونشینی دوو ئاوەڵناو دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی پەیوەندی(و):

جگە لە فەرمان و ناو، هەندێکجار دوو سیفەتیش بە هاونشین بوون دەردەکەون و دەربڕینێکی پارادۆکسیی دروست دەکەن.

–**ئاشکار ودیار ومەخفی**، دوورنییە، نەزیکە،جیرانە

غەرەزم چونکە پەنهانە وەرەزم لەو جیسم و جانە(وەفایی،١٣٨٧:١٢٣)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

گەرچی لە یار نزیکم کە ڕوحمە، ئاشکار و دیارە بەڵام نایبینم مەخفی و پەنهانە، دووریش نیە هاوسێیە، نیەتم چونکە شاراوەیە، لە جسم و گیانی خۆم بێزارم.

## ٦-دەبڕینی پارادۆکس بە هاونشینی و لێکدراوی دوو ناوی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی(لا)ی نەرێنی:

ئامرازی(لا) ئامرازێکی نەرێنییە دەکەوێتە نێوانی دوو ناو دەربڕینێکی پارادۆکسیی پێکدەهێنێت.

### ٦-١-هاونشینی دوو ناو بە یاریدەدەری ئامرازی(لا)ی نەرێنی:

–تابی گێسووت وەقتی خەندە تابشی ڕووت بوو، وتم

نەردەبانی عەرشە **پایەی لامەکان** مایەی حوزوور(وەفایی،١١٣:١٣٨٧)

لە کاتی پێکەنیندا پێچی زولفەکانت ڕووی تۆی بە دەرخست، وتم بۆچوونە عەرشی ئەعلا و حضوری پێویستم بە زولفی تۆیە کە وەکو نەردەبانە، لە ڕووی واتای عیرفان و فەلسەفەوە، مەبەست لە پایەی لامەکان بەسەر یەکەوە عەرشی ئەعلایە، ئەگەر بە جۆرە دەربڕینێکی تر لە لامەکان بڕوانین هەرچەندە (لا)یە بەڵام لەوێدا نووری خودا هەیە، لە لایەک لامەکانە و لەلایەکی تر نووری خودای تێدایە، ڕێک نەهاتنەوەیەک لە مەبەستەکە بە دەست دەدات کەواتە دەربڕینەکە دەتوانرێت ناوی پارادۆکسی ئایینی و عیرفانی لێ بنرێت، کە لێرە بە لێکدانی دوو ناو پایە+لا+مەکان بە یاریدەی ئامرازی(لا)ی نەرێنی دروست بووە.

–برۆت تێک نا، دەمت وێک نا، لە دەریای لوتفی تۆ دوورە

لە قوربی قابە قەوسەین و **مەقامی لامەکانت** بم؟(وەفایی،١٢٨:١٣٨٧)

لێم توڕەبووی و قسەت نەکرد، برۆت تێکنا و دەمت وێکنا، لە نزیکی قابە قەوسەین و لە مەقامی لامەکانی خۆت(پێگەی بەرزی خۆت)دوورت خستمەوە و بێ بەشت کردم لە کاتێکدا لێت نزیک بووم، کە ئەمە لە دەریای لوتف و کەرەمی تۆ بە دوورە بە هەمان شێوەی سەرەوە بە لێکدانی دوو ناو مەقام+ مەکان بە یاریدەی ئامرازی (لا)دروست بووە.

## ٧-دەبڕینی پارادۆکس بە هاونشینی و لێکدراوی دوو ناو یا دوو ئاوەڵناوی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی پەیوەندی(لە):

### ٧-١-هاونشینی دوو ناوی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی پەیوەندی(لە):

–ئاسمان پیربوو لە داغی خەتی ڕووی تۆ **شەو لە ڕۆژ**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

صەد چرای هەڵکرد و نەیبۆوە سەودای یەک ڕەقەم(**وەفایی**،١٣٨٧:١٦٢)

ئاسمان پیر بوو لە داخی ڕووی تۆ، کە زولفەکانت بەسەر ڕووتدا هاتۆتە خوارەوە وەکو شەو لە ناو ڕۆژدا بێت وایە، بە صەد چرا و ڕۆشنایی ئەستێرەکان کە هەڵیکرد، هەر سەودا و جوانی تۆی نەبوو.

### ٧-٢-هاونشینی دوو ئاوەڵناوی دژ بەیەک بە یاریدەدەری ئامرازی پەیوەندی(لە):

-عەجەب ماوم بە چاوت وا بە بیماری دڵ ئازارە

چ کافر میللەتە یاڕەب ! **لە مەستیدا هۆشیاری**(**وەفایی**،١٣٨٧:٢٨٢)

سەرم لە چاوت سووڕماوە چ میللەتێکی کافرن، سەرخۆش و بیماریشە کەچی هۆشیاریشە؛ تیری نیگا لە دڵی من دەدات و دڵم دێنێتە ژان.(ڕەشکێنەی چاوت هاوکات مەستیشە و هۆشیاریشە).

### ب-پارادۆکس بەشێوەی ڕستەیی:

دەربڕینە پارادۆکسییەکان؛ مەرج نییە تەنها لە نێوان دوو وشەی دژ بەیەک بە شێوەی لێکدراو یا هاونشینی بن بە سەریەکەوە یا بە یاریدەدەری جۆرەکانی ئامراز، دەربڕینێکی لێکدراوی پارادۆکسیی دروست بن؛ بەڵکو لە شێوەی ڕستەیەکیش بە دەردەکەون، هەندێکجار نیوە دێرێک واتای ڕستەیەکی تەواو بە دەستەوە دەدات، ئەو کات دەچێتە چوارچێوەی نەگونجان و ڕێک نەهاتنەوە لەگەڵ لۆژیک و واقیعی ڕۆژانەی ژیانی ئاسایی، دەبێتە پارادۆکسیی لۆژیکی و واتایی لە شێوەی ڕستەیەک دەردەکەون هەندێکجار بە شیکردنەوە و ڕۆچوون بە واتا و مەبەستی قوڵی شیعریی ڕستەکە، واتای پارادۆکسییەکە بە دەست دێت کە جیاوازە لەگەڵ دەربڕینێکی ئاسایی، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە.

-دەنگی بێ ڕەنگی سەدای هات ڕەنگ و دەنگم پێ نەما

باغی رووح ئەفزا دەپشکووتن لە پووشی وشک و زوور(**وەفایی**،١٣٨٧:١١٤)

لەم نیوە دێرەی سەرەوەدا ئەوەی لە ڕووی واقیع و لۆژیکەوە ناگونجێت، پشکووتنی باغی ڕووح ئەفزایە لە پووشی وشک.

-لەبەر چاوت کە ڕەمزی نیکتە بازی مەکتەبی حوسنە

وەها مەستم لە ڕەنگی حەرفی مەعنا لەوحی شۆراوم(**وەفایی**،١٣٨٧:١٤٥)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

لەم نیوە دێرەدا پارادۆکس لە زەمینەی لێکچووندا دەگریتەخۆی وەفایی بۆ زیادەڕۆیی(مبالغة) لە حاڵی مەستبووندا خۆی بە نەبوون دادەنێت، وەکو ئەوەی حەرفی مەعنا کە(بە چاوی سەر نابینرێت) لە لەوح بشۆرێتەوە، کە مەعنا قابیلی شوشتن نییە، واتا وەکو حەرفی مەعنا وام لەوحێکی شۆراوم.

-لە دەست ئەو شۆخە وا زولفان بە ناز دێنێ و دەبا، هاوار!

وەفایی ڕۆژی لێ کردوومە شەو، عومری بە باداوم(وەفایی،١٤٥:١٣٨٧)

ڕوخساری یار بووە هۆی کە ڕۆژ ببێتە شەو، بەهۆی زولفەکانی یار کە بە سەر ڕوویدا هاتۆتە خوارەوە، لە کاتێکدا سروشتی هاتنی شەو و ڕۆژ لە کات و ساتی خۆی نەبێت ڕوونادات و گۆڕانکاری بەسەرنایەت.

–سەبەبی زولفی شێواوە حوسنی روو مەدەدی پێ داوە

من کەوا ڕۆژم بۆتە شەو کە بە رۆژی ڕەش داماوم(وەفایی،١٤٨:١٣٨٧)

من بەهۆی شێواوی زولفی یار ڕۆژم لێ بۆتە شەو، کە بەم ڕۆژە ڕەشە داماو و سەرگەردانم.

–ژیانی عومرەکەم بێ تۆ زیانە

گولستان بۆم بە خارستانە ئیمرۆ(وەفایی،١٩٨:١٣٨٧)

وەکو ئاشکرایە گوڵستان و خارستان، دوو وشەی دژ و پێچەوانەی یەکترن، کە بە هۆیەوە پارادۆکسێکی لۆژیکی و واتایی بە دەستەوە دەدات، کە بەرهەمی بیر و خەیاڵی شاعیرانەیە.

–زولف و خاڵی تۆ کەوا شادبوون بە تۆ عەیبی نییە

ئەمرۆ هەرچی ڕوو ڕەشە باڵانشین و مەحرەمە(وەفایی،٢٢٦:١٣٨٧)

زولف و خاڵت کە ڕەشن شادن بە تۆ، لەم ڕۆژگارەدا هەرکەس تاوانبار و ڕوو ڕەشە حاکم و باڵانشینە.

–موددەتێک بوو نوری چاوم چوو بوو ڕۆژم ببووە شەو

ڕووی درەخشانی لەبەر زولفی پەرێشان وانەبوو(وەفایی،١٨٥:١٣٨٧)

ماوەیەک بوو ڕۆشنایی چاووم ڕۆشتبوو(یارەکەم ڕۆشتبوو)ڕۆژم لێ ببووە شەو، ڕووی یار لەبەر پەرێشانی و ڕەشی زولفەکانی تاریک ببوو وا گەش نەبوو.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

-دەستم بگریی تۆ کە بە جامێکی سەبووحی

بەو چاوە، ئەگەر پادشەهی شامە، گەدامە (وەفایی،١٣٨٧:٢٢٢)

لەم نیوە دێرەی سەرەوەدا ئەگەر:-ئامرازێکی مەرجییە بۆ ڕوودانی کاروکردەوەیەک کە زیاتر لە ڕستەیەکی مەرجیدا هەیە، وەڵامی مەرجیش لەخۆدەگرێت، لە شیعردا بەهەمان شێوە زیاتر شیبکرێتەوە دەگۆڕدرێت بۆ ئەگەر چی پادشاهی شامیش بم ئەمما لە ڕاستیدا گەدامە، بە دوو وشەی دژیەکی پادشاه و گەدا، بە یاریدەدەری ئامرازی مەرجی(ئەگەر) ڕێک نەهاتنەوەیەک لە شێوەی ڕستەیەکی مەرجیی دروست بووە.

-بەس عومری من بەبادە، رووت بێنە زولفت لادە

دڵ بۆیە نامورادە، بەو شەوە ڕۆژ گیراوە (وەفایی،١٣٨٧:٢٤٢)

تەمەنی من بە با مەدە، ڕووت بێنە کە وەکو ڕۆژە، زولفت کە وەکو شەوە، ئەمانە لادە، دڵ بۆیە بە موراد نەگەیشت، چونکە بە شەو ڕۆژ گیراوە زولفت کە بەسەر ڕووتدا هاتۆتە خوارەوە هۆکار بووە.

-هاتە سەر خەندە کە من سوڵتانی حوسن و دولبەرم

غایەتی سوورەت نومای ڕۆژی جەمالی من شەوە (وەفایی،١٣٨٧:٢٤٧)

یار کەوتە پێکەنین کە من سوڵتانی جوانی و دڵ ڕفێنیم ئەوپەڕی شێوەی جوانی من، ڕووەکانمە کە وەکو ڕۆژە و زولفەکانمە کە وەکو شەو بەسەر ڕوومدا هاتۆتە خوارەوە. کۆکردنەوەی دوو وشەی دژیەکی ڕۆژ و شەو پەیوەستدارکردنی بە یار، گۆڕانی ڕۆژی ڕووناک بە شەو پارادۆکسێکی لۆژیکی و واتایی لە فۆڕمی ڕستەیەکدا بە دەست دەدات.

-فەنایی پڕ بەقا بوو دەمی لە پێکەنین دا

سەد ئافەتی لە دین دا، شیرین تەشی دەڕێسێ (وەفایی،١٣٨٧:٢٩٢)

کاتێک یار دەمی لە پێدەکەنین دەدا فەنای دەمی بچووکی پڕبوو لە بەقا، سەد ئافەت و زەرەری هەبوو بۆ دین، جۆرێکە لە پارادۆکسی عیرفانی بە هۆی بوونی دوو مەقامی عیرفانی فەنا و بەقا، کە پێچەوانەی یەکترین بەڵام فەنابوونێک کە پڕبێت لە بەقا، بە تێکڕایی پارادۆکسێکی واتایی و ڕستەیی بەدەست دەدات.

-نەهری غوباری عەترە بوخاری بووخووری ڕووت



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

خاکی تەڕی کە وشکە هەموو میشکی ئە ذفەرە (**وەفایی،٢١٠:١٣٨٧**)

خاکی تەڕی کە وشکە وەکو موشکی شاری ئەزفەڕ بۆن خۆشە، هەڵمی نەهری غوباری بۆن خۆشی خاڵصە، تەڕی خاک کە وشکە.

-حوسنت بە لە تیفی قەدە شیرینی زارت

قەد باغی ئیرەم دارە گولێکە گوڵی نابێ (**وەفایی،٢٦٢:١٣٨٧**)

جوانی و حوسنت بە لەتیفی و ناسکی و شیرینی قسەکردنتە، کە قەد و باڵای درەختی باغی ئیرەم(باغێکی بە ناوبانگ و جوان بووە) هەرچەندە دارە گوڵەکانی زۆرن بەڵام گوڵی تێدا ناپشکوێت(دارە گوڵێک کە گوڵی لێ نارِوێت)، لێرەدا دەربڕینێکی پارادۆکسیی جوان بە دەستەوە دەدات.

-تا بە تا لەو ڕۆژە تۆ زولفت بە ڕوودا خستەوە

من لە سایەی زولف و رووی تۆ رۆژی رووناکم شەوە (**وەفایی،٢٤٩:١٣٨٧**)

لەو ڕۆژەوەی کە زولفت یەکە بە یەکە بەسەر ڕووخسارتدا هاتۆتە خوارەوە، بە زولفەکانت ڕووتی داپۆشیووە ڕۆژی ڕووناکم لێ بۆتە شەو واتا(ڕۆژێک کە شەوە)ئاشکرایە کە گۆرانکاری شە و و ڕۆژ لە کات و ساتی خۆی نەبێت ڕوونادات، بە هۆی دوو وشەی دژ یەکی ڕۆژ و شەو، واتایەکی پاردۆکسی بە نیوە دێرەکە دەبەخشێت.

-دابزانن خەت لە دەوری عاریضی هات و کوتی

(هەرچی نە یدیوە شەو و ڕۆژ نوور و زولمەت پێکەوە) (**وەفایی،٢٤٩:١٣٨٧**)

لێرەدا سەرەڕای دژیەک بوونی وشەکان، لە ڕووی لۆژیکەوە کۆکردنەوەی شەو(زوڵف) و ڕۆژ(ڕووی یار) نور و تاریکی بە یەکەوە هاوکات لە ڕووی یاردا کردارێکی نەگونجاوە، خەتی ڕووخساری هات و گووتی: کێیە نەیدیووە ئەمانە بە یەکەوە بێت بیبینێت تا خەڵکی ئاگاداربن.

## ج-پارادۆکسی دوو ڕستەیی:

لە پارادۆکسی دوو ڕستەیی، واتای پارادۆکسی لە دوو ڕستە یا دوو نیوە دێری سەربەخۆ بە دەردەکەون لە شیعری شاعیردا، مەرج نییە لە نێوانی دوو نیوە دێرەکەدا دوو واتای دژ بەیەکتری بێن بەرامبەر بە یەکتر بوەستن، بەڵکو جۆرێک لە سەربەخۆیی خۆیان هەیە؛ لە ڕستەیی و دوو ڕستەیی دا، زمانی هونەریی زیاتر لە دێرە شیعرییەکە ڕەنگدەداتەوە، چونکە هونەر ناتوانێت ڕاستەوخۆ و ڕوو ڕاست بێت لە دەربڕیندا، بەڵکو هەمیشە بە شێوەی درکەیی(کنایە) و ناڕاستەوخۆ کاردەکات(کامیار،٢٨٣:١٣٧٦) وەکو لەم نموونە شیعرییانەی خوارەوە کە بە شێوەی دوو ڕستەی سەربەخۆ بە دیار دەکەون.

-سەرابستان خەرابستانە ئیمرۆ



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

بەهاری عەیشی هەر زستانە ئیمرۆ(**وەفایی،١٣٨٧:١٩٧**)

لەم دێرەدا بە دید و بۆچوونی شاعیرانەی شاعیر، سەرا و بێستان و باخ؛ ئەمرۆ وێرانەیە، بەهاری عەیش و خۆشی؛ زستانە ئیمرۆ، کەچی لە واقیع دا ڕەنگە وانەبێت و جێگا و کەشێکی ئاساییە، دەربڕینێکە پێچەوانەی لۆژیکە و ڕەنگدانەوەی بیر و وێنەی خەیاڵی شاعیرانەیە.

-ئەرێ ئەی وەسڵی گولزارت حەیاتی جاویدانی من

ئەرێ ئەی چاوی بیمارت تەبیبی میهرەبانی من(**وەفایی،١٣٨٧:١٧٣**)

لێرەدا دەربڕینێکی پارادۆکسیی ئێجگار جوان و قوڵ هەیە، گوڵ هەرچەندە تەمەنێکی کورتی هەیە، بەڵام کە ببێتە هۆی پێدانی تەمەنێکی پایەدار، پارادۆکسێکی واتایی لە دێرەکەدا بەدەستەوە دەدات، بە هەمان شێوە پارادۆکسێکی دیکە لە نیوە دێرەکەی تر هەیە، چاوی بیماری مەعشوق تەبیب و دەرمانی عاشقە.

## ٢-شیعری وەفایی لە ڕووی هونەری ڕەوانبێژییەوە:

ڕەوانبێژی لە ڕووی زاراوە بە واتای پاراوی و ڕەوانی دێت مەبەست لێی گەیاندنی ئامانج و نییەتە؛ بۆیە ناکرێت بۆ وشە بەکاربهێنرێت؛ چونکە وشە بە تەنهایی پاراو نییە و مەبەستی تەواوی قسەکەر ناگەیەنێت؛ کەواتە ڕەوانبێژی تایبەتە بە قسەکەر و گوفتار(مقدم و اشرف زادە،١٣٨٨:٢٥). زانستێکە لە هونەر و زانیاری پێک هاتووە(گەردی،١٩٧٢:١١) کورتبڕی بێ کەم و درێژبڕی بێ زیادەیە(عەبدوڵڵا،٢٠١٢:١٠).

ڕەوانبێژی سێ بەش لە خۆ دەگرێت:-١-ڕوونبێژی ٢-واتاشناسی ٣-جوانکاری، کە ئەویش دوو جۆری هەیە:-

١-جوانکاری ووشەیی.

٢-جوانکاری واتایی.

زۆر جار دەربڕینی شیعریی سەرەڕای بوونی پارادۆکس پۆششێکی تری هونەریی جوانکاری وشەیی و واتایی لەخۆدەگرێت بەشێوەیەکی جوانتر خۆی دەنوێنێت وەرگر و خوێنەر بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت، هەروەها نموونەیەک دەبێت لە هونەری ئەدەبیی لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە؛ شیعری وەفایی لەگەڵ سادەیی و بێ گرێیدا، یارییەکی ڕەوانبێژی زۆر لەخۆدەگرێت پڕن لە هەمەچەشنی هونەرەکانی جوانکاری وشەیی و واتایی.

جوانکاری واتایی بە زۆری بۆ واتا دەگەڕێتەوە ئەگەرچی هەندێک لە هونەرەکانی بە مانای جوانکردنی دەربڕینیش دێت(هەمان:١٤)، ئەم دەربڕینە هونەرییە(پارادۆکس) لەم تەوەرەدا لەسەر بنەمای زانستی ڕوونبێژییەوە دەخرێتەڕوو، زانستی ڕوونبێژی بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێزمان و یاسا کە لەم ڕێگایەوە دەتوانرێت یەک واتا بە چەند جۆرێکی جیاواز بخرێتەڕوو(مقدم و اشرف زادە،١٣٨٨:٨٥)، واتا تاکە واتاییک بە ڕێگای یەک لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

یەک ڕوونتر و جوانتر پێشکەش دەکرێت(عەبدوڵڵا،٢٠١١:١١٤)، ڕوونبێژی مەیدانێکی پان و بەرینە، قسەکەر و وەرگر یا نووسەر و خوێنەری تیا ئەسورێتەوە(گەردی،١٩٧٢:١٨)، بەم شێوەیە زانستی ڕوونبێژی: ڕێگا و شا ڕێگایەکە کە بەرەو جیهانی پڕ لە خەیاڵی هونەرمەند و کاری هونەری دەمانبات، کە هەر لەو زانستەدا باس لە چۆنیەتی گێڕانەوە و نیشاندانەوەی ئەندێشەیەک بە شێوازی جۆرا و جۆر دەکرێت(قاسمی،١٣٨٨:٢٦٠).

زانستی ڕوونبێژی چوار بنەڕەت یا شێوە و باسی جیاواز لە خۆ دەگرێت:-

١-لێکچوواندن (تشبیه)٢-خوازە(مجاز) ٣-درکە(کنایە) ٤-خواستن(استعارە).

لێرەدا تەنها ئەو دەربڕینە پارادۆکسییانەی کە پۆششێکی هونەریی جوانکاری و شێوەیەک لە شێوەکانی زانستی ڕوونبێژی لەخۆدەگرن، لە خوارەوە بە نموونەی شیعریی و شیکردنەوەوە دەیخەینە بەر دیدەی خوێنەران.

**٢-١-لێکچوواندن(تشبیه):**

لێکچوواندن بریتییە لە چوواندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە، لەبەر هەبوونی سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەر دوو شتدا، ئەمەش بە زیاتر لە شێوازێک پێشکەش دەکرێ، هەیانە ڕاستەخۆ و بێ بە کارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەشیانە بە سوود وەرگرتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون، جا لە هەردووکیان یان لە یەکیان(عەبدوڵڵا،٢٠١١:١١٨).

-دا بزانن ڕۆژ و شەو هەردوو لەلایەک دێنە دەر

"زلف روی خود عیان کن برفگن بند نقاب" (وەفایی،١٣٨٧:٩٠)

لێکچوونی ڕووی یار بە ڕۆژ، زولفی یار بە شەو، بە زیادەڕۆیی لە جوانی یار؛ ڕۆژ و شەو کۆکراوەتەوە و پەیوەستدار کراوە بە هەڵاتنیان لە یەک لا.

-لەبەر چاوت کە ڕەمزی نیکتە بازی مەکتەبی حوسنە

وەها مەستم لە ڕەنگی حەرفی مەعنا لەوحی شۆراوم(وەفایی،١٣٨٧:١٤٥)

لێکچوون لە زیادەڕۆیی لە مەست بوون خۆی بە نەبوون دادەنێت وەکو ئەوەی حەرفی مەعنا(کە بە چاوی سەرنابینرێت) لە لەوح شۆراوە.

-عوزار و زولفی تۆ بێ شک شەو و ڕۆژ پێکەوەن، ئەمما

شەو وڕۆژ پێکەوەن، لەو وەجهە من حەیران و داماوم(وەفایی،١٣٨٧:١٤٦)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

لێکچوونی ڕووخسار و زوڵفی یار بە ڕۆژ و شەو، کۆکردنەوە و پەیوەستدارکردنی بە ڕووی یار.

-قە ت وادەبێ خاکی دەری تۆ تاجی سەرم بێ؟

ئەو دەوڵەتە بۆمن نییە ئەی خاک بەسەری من!(وەفایی،١٧٢:١٣٨٧)

لێکچوونی خاکی بەر دەرگای یار بە تاجی سەر، بوونی بە مەقام و پێگە.

-ئەرێ ئەی وەسڵی گولزارت حەیاتی جاویدانی من

ئەرێ ئەی چاوی بیمارت تەبیبی میهرەبانی من(وەفایی،١٧٣:١٣٨٧)

لێکچوونی چاوی بیماری یار، وەکو تەبیبە بۆ عاشق، هەرچەندە چاوی یار بیمارە، بەڵام تەبیبە بۆ عاشق، لێکچوونی وەسڵی گوڵزار بە حەیاتی جاویدان.

-ژیانی عومرەکەم بێ تۆ زیانە

گوڵستان بۆم بە خارستانە ئیمڕۆ(وەفایی،١٩٨:١٣٨٧)

لێکچوونی گولستان بە خارستان

-نەهری غوباری عەترە بوخاری بووخووری ڕووت

خاکی تەڕی کە وشکە هەموو میشکی ئەذفەڕە(وەفایی،٢١٠:١٣٨٧)

لێکچوونی خاکی تەڕ بە ووشکی.

-باعیس بە جودایی لە بەهاری گوڵی ڕووتە

بێ ڕەنگینی ڕەنگم کە وەکو ڕەنگی خەزانە(وەفایی،٢٢٨:١٣٨٧)

لێکچوونی ڕەنگی بێ ڕەنگم کە(لێچووە) وەکو ڕەنگی خەزانی پاییزە(لەوچوو) بە یاریدەدەری ئەورازی لێکچوون(وەکو).

-دەستم بگریی تۆ کە بە جامێکی سەبووحی

بەرچاوە، ئەگەر پادشەهی شامە، گەدامە(وەفایی،٢٢٢:١٣٨٧)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

لێکچوونی پاشا کە وەکو گەدایە.

-بەس عومری من بە بادە، ڕووت بێنە زولفت لادە

دڵ بۆیە نامورادە، بەو شەوە ڕۆژ گیراوە(وەفایی،١٣٨٧:٢٤٢)

ئەم دێرە شیعرە لێکچوونی زوڵفی یارە بە شەو، کە بەسەر ڕووی یاردا هاتۆتە خوارەوە، ڕووی یاریش وەکو ڕۆژە؛ بووە هۆکاری گیرانی ڕۆژ بە شەو(بە هۆی زولفەکانی یار).

-تا بە تا لەو ڕۆژە تۆ زولفت بە ڕوودا خستەوە

من لە سایەی زولف و ڕووی تۆ ڕۆژی ڕووناکم شەوە(وەفایی،١٣٨٧:٢٤٩)

لێکچوونی ڕۆژی ڕووناک بە شەو.

## ٢-٢-درکە(کنایە):

درکە ئەو دەربڕینەیە، کە لە ڕواڵەتدا واتاییک دەگەیەنێت، لەو دیوی ئەو واتایەش واتاییکی دیکە درکی پێدەکرێت، مەبەست واتاکەی دووەمە، نەک واتا ڕواڵەتییە یەکسەرەکە(عەبدوڵلا،٢٠١١:٢٠٤) واتا شاردنەوەی ئاشکرایی لە گوتن و دەربڕینە، چونکە قسەکەر لە جێگای ئەوەی ئەندێشەی خۆی بە ئاشکرایی و یەکجاری لە دەربڕینێکی گوتندا بگونجێنێت و بە ڕۆشنی نیشانی بدات، بە هونەری درکە دەیپێچێتەوە(کزازی،١٣٧٢:– ١٥٦)، بە پێکهاتەکەی خۆی بەرەو واتاییکی ترمان دەبات(عەبدوڵلا،٢٠١٣:١٩٠). هەندێکجار دوو چەمکی پێچەوانە لە قاڵبی درکە کۆدەکرێتەوە پۆششێکی درکەیی وەردەگرێت. بۆ نموونە دەربڕینی ڕۆژگارم ڕەش بوو لە شیعری وەفایی بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت، بە شێوەی درکە(کنایە)ی سیفەت بەکارهاتووە بە واتای بێ بەخت بووم لەگەڵ ئەوەی کە پێچەوانەیەک لە نێوان ڕۆژ و ڕەشی شەودا هەیە. وەفایی ئەم دوو چەمکەی کۆکردۆتەوە و واتایەکی درکەیی پێداوە، سەرەڕای ئەوەی کە دەربڕینێکی پارادۆکسییە، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لە هونەری درکە لە پۆششێکی پارادۆکسی.

-سەبەبی زولفی شێواوە حوسنی روو مەدەدی پێ داوە

من کەوا **ڕۆژم بۆتە شەو کە بە رۆژی ڕەش داماوم**(وەفایی،١٣٨٧:١٤٨)

دەربڕینی درکاو: ڕۆژم بۆتە شەو واتای درکاوی لە بێ بەختی عاشق یا شاعیر.

-هەرچاوە نوارم کە کوتت دێم ونەهاتی

یاڕەب مەدەدێ! **سالیکی ڕێی هات و نەهاتم**(وەفایی،١٣٨٧:١٣١)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەربڕینی درکاو: هات و نەهات بە واتای درکاوی بەخت کە بە چارەنووسەوە بەستراوە.

-دڵ پڕ خەم و خەیاڵات دەم بە زیکر و موناجات

زەحمەت بە **ڕۆژی تاریک** خۆش بێ وەقت و سەعاتم(**وەفایی**،١٣٨٧:١٣٤)

دەربڕینی درکاو: ڕۆژی تاریک واتای درکاوی بێ بەختی و ناهەمواری باری عاشق.

-لە دەست ئەو شۆخە وا زولفان بە ناز دێنێ و دەبا،هاوار!

وەفایی **ڕۆژی لێ کردوومە شەو**، عومری بە با داوم(**وەفایی**،١٣٨٧:١٤٥)

دەربڕینی درکاو: ڕۆژی لێ کردوومە شەو واتای درکاویش ناڕەحەتی شاعیر کە ڕۆڵی عاشق دەگێڕێت.

-زولفت ڕوی داپۆشی، ئەبرۆت عەرەقناکە

**ڕۆژیان لێ کردمە شەو**، ئەو ماه وپەروینت(**وەفایی**،١٣٨٧:١٥٨)

دەربڕینی درکاو: ڕۆژی لێ کردوومە شەو واتای درکاویش ناڕەحەتی عاشق.

-هەرگوڵی ڕەنگێکی بۆنی ڕەنگ وبۆی دولبەر دەدا

**ڕەنگی بێ ڕەنگی** تەماشا کەن، بە چاوی ئیعتیبار(**وەفایی**،١٣٨٧:١١٢)

بێ ڕەنگی درکەیە: بۆ پایەداری لەسەر یەک جۆر، لە هەمان کات کە ڕەنگینە، لێکچوونی ڕووی یار بە ڕەنگی گوڵ، سەیرکردنی بێ ڕەنگییەکەی بە چاوی ئیعتیبار لە هەمان کاتدا.

-عکس این محمل چنان از **رنگ بی رنگ** آمده

صدبهاراست این دیار اکنون به چشم هوشیار(**وەفایی**،١٣٨٧:٣٨٣)

دەربڕینی درکاوی: بێ ڕەنگ بە واتای سپی ڕەنگ و یەک ڕەنگ مانەوە.

-قوربانی ئەو ڕەنگەم دونیای ڕەنگاند ڕەنگ ڕەنگ

بەو **ڕەنگە بێ ڕەنگەی** ڕوخساری ڕەنگینت(**وەفایی**،١٣٨٧:١٠١)

دەربڕینی درکاوی: بێ ڕەنگی درکەیە بۆ بێ هاوتایی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## ئەنجام:

لە دوای شرۆڤە و شی کردنەوەی ئەم بابەتە، ئەم چەند خاڵەی خوارەوە، وەکو گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە گەڵاڵە دەکەین:-

هونەر و دەربڕینی پارادۆکسی لە دەقی شیعری (وەفایی)دا، بە چەند شێوەیەک خۆی دەنوێنێت، لە ڕووی ڕێزمانی و هونەری ڕەوانبێژی.

١-شێوەی دەربڕینە پارادۆکسییەکان دەستە بەندکردنیان لە ڕووی ڕێزمانییەوە بە لێکدانی ئاوەڵناو(سیفەت) و وەسفکراو(مەوسوف) و، ڕستەیی و دوو ڕستەیی دەرکەوتووە. پێکهاتە لێکدراوییەکان بە یاریدەی ئامرازەکان؛ یارمەتی خوێنەر دەدات باشتر و ئاسانتر وێنە و دەربڕینە پارادۆکسییەکان لە شیعردا بناسێتەوە، هەروەها جۆرە سازاندنێک لە نێوانی وشە و چەمکە دژ و پێچەوانەییەکان پەیدا دەکات و دەربڕینێکی یەک پارچەیی پارادۆکسیی لە واتادا دەبەخشێت لە دژیەک جیای دەکاتەوە، کە یەکێک بووە لە ئامانجی لێکۆڵەر لە دەرخستن و نیشان دانی وێنە و دەربڕینە پارادۆکسییەکان.

٢- پارادۆکسە واتاییەکان لە نیوە دێرێک بە دیاردەکەون؛ بەم شێوەیە دەبێتە ڕستەیی ئەو کاتە هەمە چەشنی واتایی پارادۆکسی زیاتری لێ پەیدادەبێت واتا لە ئاستی ڕستە پانتاییەکی فراوان دەگرێتەوە، کە مەبەستەکەی لەگەڵ لۆژیک نەگونجاوە و ڕێک نایەتەوە، دوو ڕستەییەکان کەمتر بەر دیددەکەون و یەکتری ڕەتناکەنەوە لە واتادا. لەو جێگایانەی شاعیر لە وەسف یا پێداهەڵگوتن بەسەر مەعشوق دایە، یا کە دەچێتە زەمینەی بواری عیرفانی و ئایینی، بە مەبەستی جوانتر دەرکەوتن، پێویستی بە بەرجەستەکردن و بەکارهێنانی ئەم دەربڕین و هونەری شیعرییە بووە، لێرەدا گرنگی دەرکەوتنی هەندێک لایەنی بابەتی و مەبەست و فۆڕمی شیعری دەردەکەوێت، هەرچەندە وەفاییش هاوشێوەی شاعیرانی دیکەی کلاسیک بە گشتی ئاشنای ئەم هونەرە نەبوون، لە ڕێگای هونەرەکانی تری زانستی ڕوونبێژی ئەم هونەرە بە دەرکەتووە.

٣-لە ڕووی زانستی ڕوونبێژی و جوانکاریی واتایی، لە قەسیدە و غەزەلەکانی شاعیردا، لێکچوون(تشبیە) بە ڕێژەیەکی زۆر و درکە(کنایە) بە ڕێژەیەکی کەمتر ڕەنگیداوەتەوە و دەربڕینە پارادۆکسیەکانی پێچاوەتەوە؛ بەڵام خواستن(استعارە) و خوازە(مجاز) توانایێکی گونجاو و شیاوییان نیە لە دروست بوون و پێچانەوەی وێنە پارادۆکسییەکان، کە وابکات پۆششێکی نا جۆری(پارادۆکس)ی لە دەربڕینەکە دروست ببێت، سەرەڕای زۆری هونەرەکانی جوانکاری لە شیعرەکانیدا؛ لێکچووەکان لەسەر بنەمای پارادۆکس بە گشتی دەچێتە بواری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

زیادەڕەوی لە وەسفکردنی مەعشوق دا لە ڕێی یاریکردن بە وشەکان، بۆ نموونە لە تێکەڵکردنی ڕۆژ و شەودا و لێکچوواندنی بە زوڵف و ڕووی مەعشوق دا دەبینین هەرچەندە وشەی شەو و ڕۆژ، دژ و پێچەوانەی یەکترین، بەڵام لە بنەڕەتدا تەواوکەری یەکترین، بەبێ یەکتری نابن لە ڕووی کاتەوە، لە یاسای سروشتی ژیاندا ناسینی شتەکان بە دژەکانەوەیە، ئەمەش هۆکارێکە لە ئەفراندنی وێنە و مۆسیقایەکی جوان و دڵگیر و ناسکی شیعریی شاعیردا، هەروەها ڕاز و نهێنی جوانناسی شیعری زیاتر بە دەردەخات و وا لە خوێنەر دەکات تێگەیشتنیان لەلایەنی جوانی شیعر زۆرتر بێت.

٤-کۆکردنەوەی دوو وشەی دژ و دژیەکە پێکهاتەییەکان؛ کە لە لێکدانی دوو ناو هەروەها ناو و ئاوەڵناو(سیفەت) زیاتر خۆی دەنوێنێت، ئێجگار قووڵ و جوانن، هۆکارێکی دیکەن بۆ بنیاتنانی وێنە و دەربڕینە پارادۆکسییەکان لە بیر و هزری شاعیردا، شیاو و گونجاوترین ڕێگای دەربڕینی پاڕادۆکسیە بە شێوەی لێکدراوی لەگەڵ سادەیی و بێ گرێیی شیعرەکانیدا، وا دەکات وێنە و دەربڕینە پارادۆکسییەکان بێ ئاگایانە و ناڕاستەوخۆ، جێگایەکی دیارییان هەبێت لە زمانی شیعرەکانیدا، هەروەها تێگەیشتن و ئاشنایەتی بە پێکهاتەی دەربڕینە پارادۆکسییەکان، یەکێکە لە دەریچە گرنگەکانی کە لەم ڕێگایەوە دەتوانین بیر و زمان و ئەندێشەی شیعری وەفایی پێ بناسین، دواجار شێوازێکی بە شیعرەکانی داوە، دەتوانرێت هەر ئەمەش بە یەکێک لە شێوازەکانی شیعری شاعیر هەژمار بکرێت.

٥-لە کاتێکدا زمانە شیعرییەکەی، بیر و ئەندێشەی عیرفانی و زاراوەی سۆفیگەرییانە و زانستی کەلامی ئیسلامی لەخۆ دەگرێت، دەربڕین و وێنە پارادۆکسییەکان بە زمانێکی هونەری و هونەرمەندانەتر بە دیاردەکەون، واتا بە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی عیرفانییەوە پەیوەستە، واتا شاعیر بە دەربڕینی هونەری پارادۆکس دەتوانێت هەست و مەبەستێکی دەروونی خۆی ئاشکرا بکات کە بە هیچ ئامرازێک یا ڕێگایەیەکی تر نەیتوانیووە دەریبخات ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر کێشمەکێش و گرێی دەروونی هۆکار و پاڵنەری بوون و دەرخستنی ئەم هونەرەن، لە زەمینەی هەندێک دەربڕین و لێکدراوی زاراوەی سۆفیزم(عیرفانی)وەکو ڕەنگی بێ ڕەنگ، فەنا و بەقا، مەوجود و مەعدوم، ساکن سالک، ڕەهرەوی بێ پێ، نوری بێ نور، مەقامی لامەکان، پایەی لامەکان...هتد دەریخستوون. کەواتە بابەت و مەبەستی عیرفانی و عاشقانە، گرنگترین زەمینەی دەرکەوتنی دەربڕینە پارادۆکسییەکانن لە شیعری(وەفایی)دا وا لە خوێنەر و وەرگر دەکات چێژ لە خوێندنەوەی وەربگرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

# The Art of Paradox in Wafai's Poems

**Payan Kaka Salih Al Askary**
Office of the Director General of Research and Development, General directorate of Research and Development, Ministry of Higher Education and Scaientific Research, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** payan.kaka@gmail.com

**Abstract:**

The paradox is an artistic expression used for beautifying the poetic language, the poems of Kurdish poets like Arabic, Persian, and Western nations include these arts and the plays of the poetic language. This type of poetic art can be seen noticeably in every era of the Kurdish classic poems which is a reason for enriching and empowering the poetic language. It will also, produce modern imagination and expressions which will be thoughtful and speculative and it will attract readers' attention due to its' closeness to the contradictory art which is again a type of beautifying the semantic art. According to the earlier researches in this field, paradoxical art is a type of contradictory art but it has specific liberty by itself. The appearance of paradoxical expressions will be in the shape of semantical, lexical, and in one or two sentences. The Diwan of Wafay was focused on for this research amongst the diwans of classical Kurdish poets. Wafay (1844-1904) was a poet in the second half of the nineteenth century and the beginning of the twentieth. He had a warm poetic language and meaningful and vivid sentences. His poems are full of semantics and lexical artistic beautifications. For this purpose, the researcher will investigate the placement shapes of the generic paradoxical composition and analyzing them according to grammar and rhetorical in Wafay's poems.

**Keywords:** Wafay's Poems, Paradox, Paradoxical Imagery, Grammar, Rhetorical

## سەرچاوەکان:


خەزنەدار،مارف(٢٠١٠م)،مێژووی ئەدەبی کوردی،بەرگی چوارەم،چ٢،هەولێر:ئاراس.

خانی،احمد(٢٠٠٧م)،مەم وزین،لێکۆلینەوەولێکدانەوەی پەرویزجیهانی،بەرگی یەکەم،دهۆک: سپیریز.

سابڵاخی،میرزا عبدولڕەحیم(وەفایی)،(١٣٨٧ش)،دیوانی وەفایی،لێکۆلنەوەی‌محەمەد عەلی قەرەداغی،تاران:ئانا.

شوانی،ڕەفیق(٢٠١٤ م)،ووشەسازی زمانی کوردی،چ٢، کەرکوک:کۆمەڵگەی چاپخانەی داودی.

عەبدوڵلا،ئیدریس(٢٠١١ م)،لایەنە ڕەوانبێژیەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا،هەولێر:هاشم.

________________(٢٠١٣م)،کۆوانەکانی ڕەوانبێژی،هەولێر:ڕۆژهەڵات.

________________(٢٠١٢م)،جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی،هەولێر:هێڤی.

گەردی،عەزیز (١٩٧٢م)،ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا،بەرگی یەکەم،بەغدا:چاپخانەی دار الجاحظ.

ناوخۆش،سەلام(٢٠٠٣)،ئۆکسفۆردی نویَ،چ١،هەولێر:منارە.

خوانساری،محمد(١٣٥٤ش)منطق صوری،تهران:آگاه.

دیانتی،محمد(١٣٨١ش)،یک تپش درنگ صورخیال وتعابیر متناقض نما....،چ١،تهران:تابان.

شفیعی کدکنی،محمدرضا(١٣٦٨ش)،موسیقی شعر،تهران:آگه.

________________(١٣٧٤ش)،شاعرآینەها،چ٣،تهران:آگاه.

شمیسا،سیروس(١٣٧٠ش)،بیان،تهران:فردوس.

قاسمی،رضا(١٣٨٨ش)،معانی بیانی تطبیقی(بررسی تطبیقی شانزده کتاب جدید علم معانی و بیان)،چ١،تهران:فردوس.

کزازی،میرجلال الدین(١٣٧٢ش)،زیباشناسی سخن پارسی(بیان)،چ٣،تهران:مرکز.

________________(١٣٩٠ش)،رویا،حماسە،اسطورە،چ٦،تهران،مرکز.

مقدم،محمد علوی،اشرف زادە،رضا (١٣٨٨ش)،معانی وبیان،چ٩،تهران:سمت.

حسن لی،کاووس(١٣٧٧ش)،«آمیزش ناسازها»،ادبیات معاصر،شمارەی ٢٣،٢٤.

راستگو،سیدمحمد(١٣٦٨ش)،«خلاف آمد»،کیهان فرهنگی،شمارەی٩،سال ششم.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

کامیار،تقی وحیدیان(١٣٧٦ش)،«متناقض نما درادبیات»،مجلەی دانشکدەی ادبیات وعلوم انسانی دانشگاه فردوسی مشهد،شماره ٣٤،سال٢٨.

وثوقی،حسین (١٣٧٤ش)،«ویژگی های عبارت های متناقض نمایا(پارادوکسی)و توصیف آنها در غزلیات عطار»،مجلەی علوم اجتماعی و انسانی دانشگاه شیراز، دورەیدهم، شمارەی دوم.

قەهرەمانی،جەعفەر (١٣٩٨ش)،«لێکدانەوەی ئاستی زمانیی شیعری وەفایی»،پژوهشنامه ادبیات کردی، دورەی پنجم، شمارەی ٨.

محمد،فرمێسک موسلیح (٢٠١٥م)،«مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی وەفایی دا»نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان-زانکۆی سەلاحەددین.

مستەفا،مستەفا سەیدمینە (٢٠٠٦م)،«پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خوارووی»نامەی ماستەر،کۆلیژی زمان- زانکۆی سلێمانی.

نهێلی،نعمت الله حامد (٢٠٠٦م)،«شێوازگەری –تیۆروپراکتیک»ماستەرنامە-زانکۆی دهوک.

عبدولرەحمان،لهۆن قادر (٢٠١٣م)،«دوالیزمی دژیەک لەهۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا»نامەی ماستەر،سکولێ زمان-زانکۆی سلێمانی.

عبدالرحمن،حسێن عوسمان (٢٠٠٧م)،«ڕۆلی پارادوکس لە پێکهاتەی وێنەی هۆزانیدا»ماستەرنامە-زانکۆی دهوک.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021